# داخۆ بەڕێزمام جەلال
# لەبڕیارەئێرتیجالەکانی پەشیمان دەبێتەوە ؟

شه مال عادل سلم
shamal@privat.dk

هه موو ئاواته خوازین که مام جەلال پەشیمان بێتەوەو پابەندی ئەوبەڵێنانەبێت که لەسەروبەندی هەڵبژادنی سەرتاسەری عیراق بەگەلانی عیراقی دابوو،ئا، بەرێزی بەڵێنی دابوو کەتەواوی داخوازییەکانیان جێبەجێ بکات،بۆیەئومێد دەخوازین که مام جەلال گوتاری ئێرتیجالی وناواقیعی و نامەسئولانەی خۆی بەجۆرێک بگۆڕێت کەلەگەڵ ژیانی کۆلەمەرگی خانەوادەی شەهیدان وقوربانیانی ستەمی داگیرکاریوسەرکوتکردنی سیاسەتی تۆتالیتاریانەی بەعس گونجاو بێت،ئەمە ئاواتی هەموو مرۆیەکە کەحەزبەخێروخۆشی گەلانی ستەمدیدەی عیراق دەکا.....بەڵام بەداخەوە، واقیعی هەنووکەیی عیراق، بڕیارو بەڵێن و کردەوەکانی مام جەلال و سەرکردە هەڵبژێردراوەکانی تر، تەواو پێچەوانەی ئاوات و ئومێدوهیوای خەلکن ،کە عەیامێکە چاوەڕێن سەروەری و بەهادرزاوەکانیان بۆبگەڕێندرێتەوەومافی ژیان وهاووڵاتی بوون و یەکسانیان بۆ مسۆگەربکرێت، بۆ نا ؟ ئەی ئەوان خۆراکی قرکردن و جینۆسایدی بەعس نەبوون ؟ ئەی ئەوان سەری ڕم و ژیلەمۆ و کۆڵەکەی سەرەکی ودانەمۆی شۆڕشەکان نەبوون ؟ ئەی ئەوان وزەی تێکۆشان وهەوێنی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکان نەبوون ؟ ئەی ئەوان کەرستەی تاقیکردنەوەکانی چەکی کیمیاوی سەددامیەکان نەبوون ؟ ئەی ئەوان تەعریب و تەهجیر نەدەکران ؟ ئەی ئەوان لەمەزادخانەی بەعس هەراج نەدەکران ؟

من لێرەدا نامەوێ باس لە نەهامەتیەکانی گەلەستەمدیدەکەم بکەم، چونکە ئەوکاتە لەئەسلی مەبەستەکە م دەردەچم ، بەڵام ئەوەی بەپێویستی دەزانم قسەی لەسەر بکەم وپەیوەندیشی هەیە بەو پێشەکییەی سەرەوەو باسکردنیشی لەم زەمەنەپڕ کارەساتەدا گرنگە ئەوەیە ،کە دەبینین کەتائەمرۆش دێوزمەی بەعس وبەعسیزم تارادە نەهێشتن وقرکردن ونەمان هەڕەشە لەمرۆڤ وژیان دەکەن،ڕۆژانە تەقینەوە درویێنەی گیانی دەیان خەلکی سیڤیلی بێ چارەی عیراق دەکات،نەخۆشییەکوشندەکان بڵاوودەبنەوە،برسیەتی،بێکاری،هەژارای،نەزانی، ڕەگەزپەرستی یەخەوبەرۆکی خەلکی گرتووە،خۆ بێ ئاوی وبێ کارەبایــیهەرباس مەکە،بەڵێ کوری سەبحەبوو عیراق وعیراقییەکانی بەورۆژەگەیاند !! .هەتیووە جل زەیتونیەبۆق ومارخۆرەکانی بوون بە ماڵ بە ماڵ وکۆڵان بە کۆڵان وشار بە شار بەدوامانەوە بوون نەماندەزانی ڕووڵەچ شوێنێ بکەین، بە گازی ژەهراوی دەخنکێنراین، ئەنفال دەکراین ،بەشێوەیکی سیستەماتیک خەفەدەکراین و دەپێچراینەوە، ئەی ئەوە نییە 18 شۆخەکیژی نازدارمان بە وڵاتی میسری عەمرو موسا فرۆشراوە !! ،هەزاران زارۆک، پیر، پەککەوتە،کورەلاو لەدەمەکاتێکی کورتدا بەدڕندەترین شێوە قەلاچۆدەکران ،بەڵێ مام جەلال لە هەموو ئێمەو لەهەموو دنیا چاکتر سەددامی سەرمەڕی زگ گورگ و بەعسیەکان دەناسێت،چۆن نەیان ناسێت ، چەندین جار چ بە ئاشکراو چ بەنهێنی لەگەڵیان کۆبۆتەوەوبەڵێنیان بەیەکترداوە گوایە لەپێناو چاککردن

وگۆڕان و بەرەوپێشبردنی واقیعی تاڵی کوردستان بەتایبەتی و عیراق بەگشتی بووە ، جێگای ئاماژە پێدانە کە ئەم چاوپێکەوتنانەش دوای واقیعی تراژیدیای کوردستان و نەهامەتیەکانی کوردستانیان بووە، دوای ئەنفال ، کۆڕەو ، هەڵەبجە، وێران کردنی زیاتر لە 4500 گوندو شاروشارۆچکەی کوردستان بووە ، جێگای خۆیەتی بپرسم ئایا سەرکردەیەکی وەک مام جەلال چۆن توانیویەتی دوای ئەم هەموو تاوان و کۆمەڵکوژییە ، دوای ئەم هەموو زۆرداری و جینۆساید و ژەهر بارانە سەددام ،بکاتەپەناو بەناوی دۆستایەتی کۆن و خزم خزمانێ لەژێر پەردەی پاراستنی بەرژەوەندیەکان و ئەزموونەکەمان دانوستان و گفتوگۆیان لەگەڵ بکات؟نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ماچی ڕوومەتی بکات ، دەستی بگوشێ ، بۆنی بکات ، لەئامێزی بگرێت ،لەوکاتەی کە سەددام قەت لە کۆمەڵکوژیی کوردستانیان وازی نەهێناوە و بەئاگاهی یەوە نەخشەی بۆ داڕێژاوەو کاری سیاسی چرووپری بۆ کردوەو نەخشەی بەسام و سیحری بۆ داناوە لەهەمان کاتیش سووکایەتی نەک تەنها بەئێمە بەڵکو بە سەرکردەکانیشما ن کردوە .پێشتر یش گوتبووم ، دیسان دەڵێمەوە داخۆ بەڕێز مام جەلال ئەم هەمەجیەتە و دڕندایەتیەی سەددامی نەبینی بوو ؟ ئاخۆ بەڕێزی نەیدەزانێ کە سەددام هیچ حسێبێک بۆ کەس ناکات ؟ داخۆ بەڕێزی نەیدەزانێ کە سەددام لە چەوساندنەوەوجینۆسایدزیاتر شتێکی دیکە نازانێ ؟ ئایا ئەم تاوانانەی سەددام شتێکی وەها هاکەزای بووە تاکو بەڕێزی یان هەر مرۆڤێکی تر بتوانێت چاویان لێ بپۆشێت ؟ئاخۆ لەگەڵ دڕندەو ، بەدێۆمێکی قێزەوەنی وەک سەددام کە سەرو سیمای لە هەموو شتێک دەکات تەنها مرۆڤ نەبێت برایەتی و ئاشتەوایی دروست دەبێت ؟ گریمان خۆی گوتەنی دانوستان و گفتوگۆ وچاوپێککەوتنەکانیان بۆ پاراستنی ئەزموونەکەمان و بەناچاری بوو بێت ؟ ئەی ئێستا بۆچی ؟ ئایا دەکرێ بەناوی مافی مرۆڤ و دیموکراسییەت و گیانی لێبووردەیی و خزم خزمانێ تکاو نزا بۆ بارزانی سمێڵ هەشتی شوبات بکات ؟لەو کاتەی کە بەعس و بەعسیزم لەدەستووری عیراق بڕیاری ڕیشەکێش کردنی دراوە !!نەک هەر ئەوەندەش بەڵکو بەڕێزیان زۆر بەوردییەوەش گوێ بۆ قسەکانی بۆگەنێکی وەک سەددام و بارزان و تاوانباراکانی تر شل دەکات ... لەوکاتەی کە دەبوایە بیر لە قوربانییەکانی چەکی کیمیاوی وخەڵکی بێ دیفاعی هەڵەبجەی خێرلەخۆنەدیتە بکەنەوە ،ئەوانەی تووشی کەم ئەندامی و تێکچوونەکانی لەش و پێکهاتەکانی بوون ، ئەوانەی لەدەست شێرپەنجەی خوێن وسنگ ودەماخ و پێست دەناڵن ، ئەوانەی نەخۆشییە دەروونی و دەمارییەکان تەنگیان پێ هەڵچنیون ، ئەوانەی گازی تابوون ، خەردەل ، سالینی عەلی کیمیاوی و سەددام و بارزانی تکریتی گۆڕانکاری لەپێکهاتەی کرۆمۆسۆمیانی کردوەو هەربۆیە منداڵان زوو دەمرن و کۆرپەلەکانیش بەبەردەوامی لەباردەچن.بەڵێ ئەوانەی ڕوخساری شیرینیان بەژەهر سووتاوە ، ئەوانەی کە دەبوایە عەیامێکە لەدەردەکوشندەکانیان ڕزگاریان ببێت.

بەڵێ ئەم لێدوان و بڕیارە ئیرتیجالیەبەربادانەی بەڕێز مام جەلال خۆی لەخۆیدا جێگەی پرسیارکردن و گومانە ، جێگەی ئەوەیە لە بەڕێزی بپرسم ئەرێ بۆ ، یان باشتر وایە هەولێریانە بڵێم ئەرێ لۆ مامە وەڵامی نامەو سکاڵاو ناڕەزایی و بێزاری من و هەزارانی وەک من نادەیتەوە ؟ تۆ بڵێی قسەکانی ئێمە بەوجۆرە لنگەوقووچ و تەرسەوشایەنی وەلام دانەوەنەبێت ؟ تۆ بڵێی ئێمە خەیاڵبازو واقیع نەبین بین ؟ تۆبڵێی ئێمە هێندە گێل وکاڵفام و نەزان بین ؟ ئایا ئەو موبادەرانەی جەنابت دەیکەی کارێکی مرۆڤ دۆستانەیە ؟ ئایا ئەمەی جەنابت دەیکەی کارێکی تەک ڕەهەند و زەرەرمەند نییە ؟ دەپێم بڵێ ،میهرو پرسۆزی ونەرمو نیانی لەگەڵ دڕندەی قەتلوعام و حەرەس

قەومی و سەددامیەقێزەوەنەکان مانای چییە ؟ دەبڵێ چۆن جەللادو قوربانی پێکەوە دەژین ؟چۆن ؟
بەڵێ ، ئێمە پێویستمان بە سەرکردەیەک هەیە کە گەرمیانی سووتێنراو ( هە وارگەی ئەنفال)و وزامەتەڕەکانی هەڵەبجەی خێرلەخۆنەدیتەمان بۆ سارێژ بکات ، ئێمە سەرکردەیەکمان گەرەکە کە ماف بۆ خاوەنەکانی بگێڕتەوە نەک لەتاوانباران ببورێت!!

ئاخر بەڕێزم جەنابت بەشەپۆلی دەریبای خوێنی شەهیدان و ماندووبوون و شەونخونی پێشمەرگەکان گەیشتویتە ئەم پلەو پایەیە نەک بە وەهم ....
ئائەوانەی گیانی خۆیان بەمانەوەی ئێوە بەخشیوە ....

بەسە ...بەسە ...هەتاکەی دەستتان بەچاو و دەم و گوێچکەتان دەگرن ؟ و بێ خەم بێ خەم لەئاستی ئایندەی ئەم ئەزموونەمان دێن و دەچن ؟
من تاوانم نییە کە گومان لە سەرکردەکانم بکەم و لێشیتان بپرسم ئەرێ بۆچی خەلکی ئەم دەڤەرەی لەمەڕ ئێوە تاکو ئەمڕۆش ژیانیان لە تەک ڕەشبینی و ترس و دڵەڕاوکێی و نیگەرانیدا دەگوزەرێنن ؟
ئەرێ بۆ ؟ بۆ ؟
تۆبڵێی بەعس مۆتەکەیەک بێت و تامردن لەیخەمان نەبێتەوە ؟

بەڕێز مام جەلال ...گوێمان لێ بگرە ... گوێ لەو مەخلوقە بەژەهرسووتاوە بێ چارانەی کوردستان بگرە وتەماشای ناو چاوەمەرجانی و ئاڵ و درەوشاوەکانی منالآنی هەڵەبجە بکە و گوێ بۆ سکالآکانیان شل بکە ،گوێ لەدایکە ڕەش پۆشەکانی هەوارگەی ئەنفال ،گەرمیانی هەڵقرچاو بگرە، بەڵێ ئەوانەی لێواو لێون لە گلەیی وگازاندە ، بەڵێ ئەو دایکانەی کە بەردەوام لە دڵە خورپەی چاوەڕوانی ئازیزانیانن ، گوێیان لێ بگرە ، بەسە هەتاکەی بەهێڵێکی ڕاست وچەپ ئیلغایان دەکەی !!دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکە ...باڵەدەرەوەی هەرێمی کوردستان چارەسەربکرێن .. بۆچی نا ؟
ئەوان مستەحەقن یان لەڕوویان پەرژین بێت ، بارزانی بەدێۆمی دمۆر و
جەللادی ڕووڕەش ؟
لە کۆتاییدا ئەوەندەماوە بڵێم ......

بەڕێزم بەوهیوایەم کە لەومردنە بێ دەنگ و هێواشەی قوربانیانی بەعس بڕوانیت .........

بەڵێ بەرێزم ، با هەر هەموومان لەئاستی هەنگاوە تازەکانی بەعسیەکان بێ دەنگ نەبین و چونکە ئەوان بەهەر جۆرە وێنە ولیباسێکەوەبێنە پێشەوە ، هەر بەعسیی وئەنفالکەرو سەرمەڕی زگ گورگی جارانن .
وەرەن لێمان نزیک ببنەوە وگوێشتان بۆ ئازارەکانی خەڵک قوڵاغ بکەن .

بەرێز مام جەلال هەرچەندە من بەخۆشم ئەوەندە گەشبین نیم و لەکاتی نووسینی ئەم چەند وشەیەش قەسیدەکەی یان باشتر وایە بلێم(( ماچەکەی)) شاعیری گەورەی گەلەکەمان هێژا عەبدولڵا پەشێویشم هاتەوە یاد هەر بەجارێ ڕەشبین بووم ، بەڵام هیوادارم لەم بڕیارە بەربادانەتان پەشیمان ببنەوە.... لەبەعس و بەعسیەکان مەبوورن .... عەفوویان مەکەن ...لەگەڵیان دامەنیشن و نامەکانیشیان مەخوێننەوە ،مقاوەمەی چی و عەگالی چی و شێرپەنجەی چی ؟ ئەوانە خۆیان تاعون و سەرەتان و عەفلەقیین ، دوایی ناهەقمان مەگرە .....ناهەقمان مەگرن ،
ناهەقمان نییە .....لێت نەبوورین ...چونکە هەندێ هەڵە هەیە نابووردرێ ،مام جەلال

جارێ تەواو

کۆبنهاگن
دوورگەی ڤیکینگە شیر وەشێنەکان
2005-11-24